

# پیاوێک هاوسەر و منداڵێکی خۆی دەکوژێت

تاوانەکانی کوشـــتن و بەتایبەت کوشتنی ئافرەتان ســـاڵانێکە رووپەڕی رۆژنامە و گۆڤارەکانی زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی داگیرکردووە، هەرێمی کوردســـتانیش لەو پەتا نەگریسە بەدوور نەبووەو سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی رێکخراوە حکوومی و مەدەنییەکان بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە، کەچی قوربانییەکانی دەستی تاوان کەم نین. بەردەوامیش یەکێک لە هۆکارەکانی ئـــەو تاوانانە بۆ کۆنترۆڵنەکردنی دیاردەی چەکداری دەگێڕنەوە، کە تا هەنووکەش چەکی بێ مۆڵەت لە زۆربەی ماڵەکانی کوردستاندا بوونی هەیە. لێرەشدا نهێنییەکانی کوشتنی دایکێک و منداڵەکەی دەخەینەڕوو.

## تاوانەکە بە کلاشینکۆف ئەنجامدراوە

زۆر جار مرۆدۆستان جەختیان لەوە کردووەتەوە کە چەك لە باشترین حاڵەتدا لە ناو کۆگاکاندا دەڕزێ و لە خراپترین حاڵەتیشدا گیان لە گیاندار دەستێنێ، سەرەڕای ئەوەش لە هەموو وڵاتانی دنیا یاسایەك بۆ هەڵگرتنی چەك ڕێکخراوەو تا ئاستێکی بەرچاو هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دراوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تا ئێستاش هەڵگرتنی چەکی نایاسایی و ڕێگەپێنەدراو لە زۆربەی ماڵەکاندا بوونی هەیە و تەنانەت بازاڕی چەکیش گەرمە، هەر ئەو چەکانەش لە زۆربەی تاوانەکانی کوشتن بەکارهاتوون. ئەوەتا ڕۆژی ٢٠١٣/٨/١٨ لەگەڕەکی کوران (گەیلان) لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٢، کە پیشەی بەڵێندەر بووەو باوکی دوو منداڵە، بە چەکی کلاشینکۆف ٩ گوللەی لە هاوسەرەکەی داوەو ٨ گوللەشی ئاراستەی جەستەی کوڕە تەمەن٦ ساڵانەکەی کردووەو هەردووکیان دەستبەجێ گیانیان لەدەست داوە.

## گومانێکی بچووك .. تاوانێکی گەورە

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەبەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان وەرگیراون، برایەکی تاوانبارەکە جەختی لەوە کردووەتەوە کە (گەیلان)ی برای ماوەی مانگێکە باری دەروونی تێکچووە، بۆیە چەند جارێك بۆ لای پزیشکی دەروونییان بردووە، بڕیاریشە لیژنەی پزیشکی بۆ دابندرێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە مانگێك پێش ئەو ڕووداوە ئامۆزایەکیان بە دەمانچە خۆی کوشتووە و گەیلان یەکەم کەس بووە کە گەیشتووەتە سەر تەرمەکەی.

بە وتەی براکەی ڕۆژی ڕووداوەکە گەیلان قازێك دەکڕێت و لەگەڵ هاوسەرەکەی دەچێتە ماڵی خەزووری بۆ ئەوەی نانی نیوەڕۆ لەوێ بخۆن، دوای کەمێك پشوودان گەیلان دەچێتە بەردەرگا ژنەکەشی لەدوای دەچێت، چونکە هەموویان دەیانزانی باری دەروونی تێکچووە، لەپڕ گەیلان کلاشینکۆفەکەی کە بەدزی ماڵەوە کڕی بووی، لە ئۆتۆمبیلەکەی دەردەهێنێت و هاوسەرەکەی دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە و نۆ گوللە بەر جەستەی دەکەوێت، هاوکات دەگەڕێتەوە ژوورەوەو لەو کاتەدا کە کوڕە تەمەن ٦ ساڵەکەی سەرقاڵی یاریکردن بووە، ٩ گوللەش ئاراستەی جەستەی پەپوولەئاسای منداڵەکەی دەکات.

ئێستاش ناوبراو بەماددەی ٤٠٦ دەستبەسەر کراوە، هۆکاری کوشتنی هاوسەر و کوڕەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کوڕەکەی لەو نییە و پێیوایە هاوسەرەکەی خیانەتی لێکردووە، لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە چۆن زانیویەتی ئەو کوڕە لەخۆی نییە، گەیلان دەڵێت «لەبەر ئەوەی شێوەی لەمن نەدەچوو و گەمەشی لەگەڵ نەدەکردم بۆیە زانیم لەمن نییە بۆیە کوشتم، بەڵام کوڕە بچووکەکەم لەخۆم دەچێت و گەمەشم لەگەڵ دەکات».

## ئەدای پەرلەمان لە نەهێشتنی دیاردەی چەکداری

زۆربوونی چەك لە ناو ماڵ و بازاڕ وایکردووە زۆرجار بە کەمترین هەڵچوونێك پەنا بۆ چەك ببرێ و لەگەڵ بەکارهێنانیشیدا قوربانی لێکەوتووەتەوە، ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان لە پەرلەمانی کوردستانیش جەخت لەوەدەکاتەوە کە بەردەوام لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان باسیان لەوە کردووە کە دیاردەی چەك فرۆشتن نەمێنێت. پەرلەمانتار شێرزاد عەبدولحافز شەریف، لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان گوتی: «ئێمە هەمیشە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەك وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش باسمان لەوە کردووە کە دیاردەی چەك فرۆشتن نەمێنێت و بە یاسا ڕێگری لێبکرێت، هەرچەندە لە پەرلەمانی کوردستاندا یاسایەکی تایبەت بە چەك هەڵگرتنمان هەیە کە ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە، بەڵام بەداخەوە حزبەکان وایانکردووە کە ئەو چەکانە بە ئاسانی بگاتە دەستی خەڵك، باشترین نموونە بۆ ئەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکان لەبری دیاری چەك بە بەرتیل دابەشی سەر خەڵك دەکەن، لە ئێستادا ماڵ نییە لەم کوردستانەدا چەکی تێدا نەبێت، زۆرجار بیستوومانە و بینیومانە منداڵ دەستکاری چەکی کردووە و خۆی پێ کوشتووە، یان کارەساتێکی بەرپا کردووە، لەبەر ئەو هۆکارانە هەوڵی زۆرمانداوە دیاردەی چەك هەڵگرتن و چەك فرۆشتن بنڕبکرێت»، گوتیشی «کاری لیژنەی ئێمە ئەوەیە کە یاسایەك ئامادە بکات و پێشکەشی پەرلەمانی بکات، بەڵام خۆی لە خۆیدا ئێمە لە پەرلەماندا ئەو یاسایەمان هەیە، کێشەکە لەوەدایە یاساکە جبێبەجێ ناکرێت، زۆر بە ئاسانیش دەتواندرێ ئەو یاسایە بچێتە قاڵبی جێبەجێکردنەوە، بەڵام تاوەکو لە کاتی هەڵبژاردنەکان بەردەوام چەك دابەشبکرێت، ئەو یاسایەش وەك زۆربەی یاساکانی تر جێبەجێ ناکرێت».

## تاوانەکە لە ڕوانگەی توێژەرێکی کۆمەڵایەتییەوە

توێژەری کۆمەڵایەتی هێمن عومەر ساڵح، سەبارەت بە تاوانەکەی گەیلان، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «دیاردەی هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت لە کۆمەڵگەی ئێمە بووەتە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەو ڕووداوەش یەکێکە لەو قوربانییانەی دەستی چەکی بێ مۆڵەت و کڕین و فرۆشتنی چەك»، گوتیشی «بە بڕوای من ئەو کەسەی چەکی بە گەیلان فرۆشتووە، بە هەمان شێوەی گەیلان تاوانی ئەنجامداوەو کەسیش لەو ناپرسێتەوە، جگە لەوەش هۆکاری دووەمی ئەو ڕووداوە پەیوەندی بە خراپیی باری دەروونی ئەو گەنجەوە هەبووە کە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان زۆر بە ئاسایی سەیردەکرێت و هەروەکو نەخۆشیێکی دیکە دەڕواتە لای پزیشك و چارەسەر وەردەگرێ، یان بۆ ماوەیەك لە دەزگای چاکسازی چارەسەری پێویستی بۆ دەدۆزرێتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمە کەمتەرخەمیی خێزان و لایەنە پەیوەندارەکان نەیانتوانیوە گەیلان لەو بارە دەروونییە ڕزگار بکەن، کە دواجار زیانێکی زۆر گەورەی بە خۆی و خانەوادەکەی بەگشتی گەیاند».

پەرلەمانتارێک:

**حزبەکان وایانکردووە چەک بە ئاسانی بگاتە دەستی خەڵک و تەنانەت لە کاتی هەڵبژاردنەکان لەبری دیاری چەک بەسەر خەڵکدا دابەش دەکەن**

بکوژەکە:

**کوڕە بچووکەکەم لەخۆم دەچێت و گەمەشم لەگەڵ دەکات، بەڵام کوڕە گەورەکەم کە ٦ ساڵان بوو شێوەی لەمن نەدەچوو، گەمەشی لەگەڵ نەدەکردم، بۆیە خۆی و دایکیم کوشت**

کۆمەڵناسێک:

**ئەو کەسەی چەکی بە گەیلان فرۆشتووە، بە هەمان شێوەی بکوژی ئەو دایک و منداڵە تاوانی ئەنجامداوەو کەسیش لەو ناپرسێتەوە**

# گەنجان لە جیاوازیی مووچە و دەرماڵەی وەزارەتەکان نیگەرانن

**لە هەرێمی کوردســـتان مووچەی فەرمانبەران رێژەیەکی بەرچاوی لە بودجەی گشتی بۆ دابیندەکرێت و سیســـتمی دامەزراندن لە کەرتی حکوومی پشکی شێری بەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانبەران ئاماژە بەوە دەکەن کە جیاوازییەکـــی زۆر لە مووچەو دەرماڵەی وەزارەتەکان هەیە، کارمەندێکیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە خۆی و هەڤاڵێکی دەرچووی یەک بەشی زانکۆن و یەک بڕوانامەیان هەیە، بەڵام بڕی مووچەکەیان بەهۆی دامەزران لەدوو وەزارەتی جیاوازدا نایەکسانییەکی زۆری هەیە.**

وتەبێژی وەزارەتی دارایی:

**ئێمەش پێمانوایە ناعەدالەتییەکی گەورە بەرامبەر بە دەرماڵەی فەرمانبەران کراوە**

ئابووریناسێک:

**جیاوازی لە دەرماڵەی وەزارەتەکان لەڕووی ئابووری و دەروونیشەوە نادروستەو کاریگەریی نەرێنی دەبێت**

### مامۆستایان دەوامیان کەمتر و مووچەو دەرماڵەیان زیاترە

ســـاڵانە ژمارەیەکی زۆری دەرچووانـــی زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستان بەمەبەستی دامەزراندن ڕوو لە وەزارەتەکانی حکومەت دەکـــەن، تەنیـــا لە ســـاڵی خوێندنـــی ٢٠١٠ - ٢٠١١ ئاماری دەرچوونـــی قوتابیانی زانکـــۆ لەهەرێمی کوردســـتان ٢٦٢١٣ قوتابیین، ســـاڵی دواتر ئەو رێژەیە زیاتر بووەو پێشـــبینی دەکرێ ئەمســـاڵ رێژەکەی بەرزتـــر ببێتەوە. گەرچی بەلێشـــاو خاوەن بڕوانامـــەکان دێنە بازاڕی کارەوە، بەڵام کەمتریان ڕوو لە کەرتی تایبەت دەکەن و زۆرینەی نزیك بەگشتی خوازیاری دامەزران لە دامودەزگە حکوومییەکانن، لەگەڵ ئەوەشـــدا دوای دامەزراندن سکاڵایان لەوە هەیە کە جیاوازییەکی زۆر لە مووچە و دەرماڵەی وەزارەتەکان هەیە. ئەوەتا کاروان عەلی ئەمین دەرچووی ئاداب لە بەشی کۆمەڵناسی، هێما بۆ ئەوە دەکات کە دوای دەرچوونی لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی دامەزراوە، بەڵام هاوڕێکانی کـــە لەوەزارەتـــی پەروەردە دامـــەزراون و «دەوامیـــان کەمترە و مووچەکەیان زیاترە»، کاروان زیاتر بابەتەکە شـــیدەکاتەوە دەڵێت :«ئێمە کۆمەڵێك برادەر بووین پێکەوە زانکۆمان تەواوکرد، کەچی هاوپـــۆل و هاوبڕوانامەی خۆم لە وەزارەتـــی پەرورەدە دامەزراوە، مووچەکـــەی ١٥٠ هەزار دینار لە مووچەی من زیاترە، ئەمەش وایکردووە هەمیشـــە هەســـت بەوە بکەم غەدرێکم لێکراوە، نازانم بۆچی هەندێـــك وەزارەت مووچەیان لەوانی دی زیاترە؟ دەوامی ئێمە هەتا کاتژمێر ســـێی پاش نیوەڕۆیە و دەوامی مامۆستایان هەتـــا ١٢ی نیوەڕۆیـــە، کەچی مووچەیان زۆر لـــە ئێمە زیاترە ئەمەش غەدرێکی زۆر نارەوایە کەبەرامبەر ئێمەی گەنج دەکرێت، چەندین جاریش داوای گواستنەوەم بۆ وەزارەتی پەروەردە کردووە، کەچی هەر رەفزم بۆهاتۆتەوە».

ســـامان عەلی بەهەمان شـــێوەی کاروان جەخت لە جیاکاری لە مووچـــەی فەرمانبەراندا دەکات و دەڵێـــت «مووچەو دەرماڵەی جیاوازی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتەکانی دیکە شتێکی ناحەقە، چونکـــە ئیش و کاری فەرمانبەر زۆر لە مامۆســـتا قورســـترە، کارمەندێك لە وەزارتی کشـــتوکاڵ کارەکەی زۆر لە مامۆستایەك ئەســـتەمترە، کەچی مامۆســـتا مووچەکەی لـــەو زیاترە، ئەمە ناحەقییەکـــی گەورەیە دەکرێت، کە دەشـــمانەوێت بگوێزرێنەوە بۆ ســـەر میلاکی ئەو وەزارەتانەی وەك وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا کە دەرماڵەیـــان هەیە، ڕەفزمان بۆ دێتەوە، چونکە واستەمان نییە.

### پێویستە دەرماڵە بەپێی بڕوانامە و خزمەتی ڕاژە دەستنیشان بکرێت

حەکیم قادر توێژەرو پسپۆڕێکی کارگێڕییەو ڕایوایە «حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی تۆکمەی بۆ سیستەمی بەڕێوەبردن و کارگێڕی نییە، ئەوەتا گەنـــج هەیە دەرچووی کۆلێژی ئادابە لەوەزارەتـــی پەروەردەیەو دەرماڵە وەردەگرێـــت، بەڵام گەنج هەیە هەمان پســـپۆڕی و بگرە هەمان ناونیشانی هەیە، بەڵام دەرماڵە وەرناگرێـــت، ئەمەش لەڕووی کارگێڕییەوە زۆر گرفت دروســـت دەکات. ناکرێت مووچەی کارگوزاری قوتابخانەیەك لە ســـنووری وەزارەتـــی پەروەردە لە مووچەی دەرچووی زانکۆیەك لە وەزارەتی گواســـتنەوە زیاتر بێـــت، هەر ئەمـــەش وادەکات زۆرترین ڕێژەی فەرمانبـــەران هەوڵبدەن بگوێزرێنەوە بۆ ســـەر میلاکی وەزارەتی پـــەروەردە، یان وەزارەتی خوێندنی بـــاڵا، چونکە ئەم دوو وەزارەتە دەرماڵەیان هەیە، ئەمەش وایکردووە کە بەهیچ شێوەیەك فەرمانبەر وەرنەگرن، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم دەرماڵە بەپێی بڕوانامە و خزمەتی ڕاژە دەستنیشان بکات، نەك بەپێی وەزارەتەکان».



## پێویستە دەرماڵە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت

پسپۆڕی ئابووری کەریم نادر پێیوایە جیاوازیی دەرماڵەی نێوان وەزارەتەکان لەڕووی زانستی ئابووری و دەروونیشەوە نادروستە، چونکە جیاوازی لەئاستی داهات دروستدەکات، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەروونی گەنج دەبێت. بۆنموونە گەنجێك کە دەرچووی کۆلێژە لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی یان وەزارەتی گواستنەوە دامەزراوە، تەنیا ٥٠٠ هەزار دینار وەردەگرێت، بەڵام هاوپۆلەکەی لەوەزارەتی پەروەردە ٦٥٠ هەزار وەردەگرێت، یان خاوەنی هەمان بڕوانامە لەوەزارەتی خوێندی باڵا دوو ئەوەندەی ئەو وەردەگرێت، ئەمەش وادەکات نارۆونی لەئاستی دابەشکردنی داهات دروستبێت، وەك دەبینین چەندین گەنجمان هەن کە ڕووبەڕووی نامۆبوون بوونەتەوە، چونکە لەرووی ئابوورییەوە خۆیان بە بەشخوراو دەزانن، ئەمەش مافێکی خۆیانە، چونکە نابێت دەرماڵەی وەزارەتەکان بەو شێوەیە بێت، بەڵکو پێویستە لەسەر بنەمایەکی دیراسەکراو بەشێوەیەکی عادیلا دابەشکرابێت» .

ئەو ئابووریناسە چەند ڕێکار و بەرنامەیەك بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە دەستنیشان دەکات و دەڵێت: «لەم حاڵەتەدا کە وەك دەسەڵاتدارانی هەرێم ئاماژەی پێدەکەن کە بەغدا بەبێ پرس و ڕاوێژی ئەمان دەرماڵەی وەزارەتەکانی داناوە، حکومەتی هەرێم چەند ڕێگەچارەیەکی هەیە، لەوانە پێویستە دەرماڵەی فەرمانبەر لەسەر بنەمای کاتی کارەکەی بێت کە چەند کاتژمێر کار دەکات، واتا هەر دەزگایەك ماوەی کارکردنی چەندە ئەوەندە دەرماڵەی بۆ دابنرێت، خاڵێکی تریش ئەوەیە کە حکومەت هەوڵ بدات دەرماڵەو مووچە یەکسان بکات، لانیکەم هاوکاری مەعنەوی بۆ فەرمانبەر دابین بکات».

## هەوڵدەدەین هاوسەنگی لەنێوان دەرماڵەی فەرمانبەران دروست بکەین

لەلای خۆیەوە وتەبێژی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان (دلێر تاریق فایەق) سەبارەت بە جیاوازیی ئاستی دەرماڵەی وەزارەتەکان بۆ گوڵان گوتی: «بێگومان ئێمەش پێمانوایە ناعەدالەتییەکی گەورە بەرامبەر بە دەرماڵەی فەرمانبەران کراوە، بەوەی کە هەندێك وەزارەت دەرماڵەی هەیە، هەندێك وەزارەتی دیکە نییەتی، بۆ نموونە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەرماڵەی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام وەزارەتەکانی دیکە نییانە، یان پار لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەرماڵە بۆ وەزارەتی پەروەردە دانراو مەبلەغی ١٥٠ هەزار دینار بۆ سەرجەم کارمەندانی وەزارەتی پەرەوەدە زیادکرا، کەچی وەزارەکانی دیکە لەم دەرماڵەیە بێبەش بوون، بۆ نموونە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پەروەردە تەنیا یەك دیواریان لەنێواندایە، کارمەندێك لە وەزارەتی پەروەردە ١٥٠ هەزار دینار زیاتر وەردەگرێت، بەمەرجێك هەردوو کارمەند یەك کاریش دەکەن، بەڵام کارمەندەکەی وەزرایەتی پەروەردە دەرماڵەی هەیە، ئەوەی وەزارەتی دارایی نییەتی، ئەوەی گرفتە وەزارەتی دارایی عێراق لەکاتی دەستنیشانکردنی دەرماڵەکان هیچ پرسێك بەوەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان ناکات و زۆرجار بەبێ بەرنامە دەرماڵە زیاد دەکات، ئەمەش وایکردووە بەشێکی زۆر لەکارمەندانی وەزارەتەکان لە دەرماڵەکان بێبەشبن، بەتایبەتی لەدوا سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا جەخت لەوە کرابۆوە کە پێویستە لەکاتی دەستنیشانکردنی دەرماڵەکاندا هاوسەنگییەك لەنێوان کارمەندانی وەزراتەکان هەبێت، ئێمەش هەوڵدەدەین هاوسەنگی لەنێوان دەرماڵەی فەرمانبەران دروست بکەین».

گوڵان: کۆمەڵایەتی

فەرمانبەرێک:

**هاوپۆل و هاوبڕوانامەی خۆم ١٥٠هەزاردینار زیاتر لەمن وەردەگرێت**

پسپۆڕێکی کارگێڕی:

**حکومەت بەرنامەیەکی تۆکمەی بۆ سیستەمی بەڕێوەبردن و کارگێڕی نییە**